# ئایا كۆڤید١٩ مەترسیی بۆ كۆرپە هەیە؟



بەگشتی هەوكردنە ڤایرۆسییەكان لە ئافرەتی دووگیاندا مەترسییان بۆ كۆرپە هەیە، چونكە ڤایرۆس لە دایكەوە راستەوخۆ لە رێگای وێڵاشەوە Placenta بۆ كۆرپە دەگوازرێتەوە. لە زۆربەی توێژینەوەكاندا هاتووە كە ئافرەتانی دووگیان وەكو زۆبەی تووشبووان بە كۆڤید١٩بە سووكی دوچاری پەتاكە دەبن، بە نیشانەكانی (كۆكە، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، هەناسەتەنگی، سەرئێشە، لەگەڵ نەمانی هەستی بۆن و چێژ)، ئەگەرچی تا ئێستا كاریگەرییەكانی ڤایرۆسی كۆرۆنا لەكاتی دووگیانیدا لەسەر دایك و كۆرپە بەتەواوی نازانرێت، بەڵام چەند لێكۆڵینەوەیەك ئاماژە بەوە دەكەن كە ئافرەتانی دووگیانی تووشبوو بە ڤایرۆسی كۆرۆنا، لەوانەیە كە دوچاری منداڵبوونی پێشوەختە Premature birth ببنەوە، كە پێویست بە خەواندنی منداڵە ناكامەكەش لە نەخۆشخانە لە بەشی منداڵە تازەبووەكاندا -Neo natal unit دەكات، هەندێك سەرچاوەی دیكەش ئاماژەیان بەوە كردووە كە لەوانەیە هەوكردنی سەختی كۆڤید١٩لە دایكی دووگیاندا، ببێتە ئەگەری مردنی كۆرپە لەناو منداڵدانندا.



# کۆڤید١٩ کاریگەریی درێژخایەنی هەیە

بەگشتی پاش خەواندن لە نەخۆشخانە و چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩، هێشتا یەکێك لە نیشانەکان، یان گرفتێکی تەندروستیی بۆ ماوەیەك لە تووشبوودا دەردەکەوێت. بە گوێرەی توێژینەوەیەکی نوێی زانکۆی میشیگان لە ئەمریکا، دەرکەوتووە کە کۆڤید١٩ پاش دەرچوونیان لە نەخۆشخانە کاریگەریی گەورەی تەندروستی لەسەر تووشبووان جێ دەهێڵێت، بۆنموونە پاش دوومانگ لە کۆی ١٦٠٠ کەسی تووشبوو نزیکەی ٧٪ کەسیان دوچاری مردن بوون و ١٥٪ دووبارە لە نەخۆشخانە خەوێندراونەتەوە، هەروەها نزیکەی ٨٧٪ دوچار هەستکردن بە هیلاکی و ماندووبوون بوونەتەوە، دیسان لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە جگە لە کاریگەریی دەروونی و گرفتی ماددی، نزیکەی ٢٣٪ی تووشبووان پاش چاکبوونەوە، بەتایبەتی پاش چالاکیی بەدەنی، بە شێوەی هەناسەتەنگی دوچاری گرفتی هەناسەدان و گرفت لە هەستەکانی بۆن و چێژدا دەبن. باوترین نیشانەکانی دیکەی پاش چاکبوونەوە، کە بۆ ماوەیەك دەمێننەوە، بریتین لە: کۆکە کە لەوانەیە بۆ ماوەی چەند مانگێك بەردەوام بێت، ئازاری بەردەوامی جومگەکان، ئازاری ماسوولکە، سەرئێشە، گرفت لە گورچیلەکاندا، ئەگەری نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك Stroke لەگەڵ گرفت لە بینین و هەستی بیستندا. لە راپۆرتێکی دیکەدا هاتووە کە نزیکەی ٧٥٪ی تووشبووان پاش چاکبوونەوە و جێهێشتنی نەخۆشخانە و پاش نێگەتیڤ دەرکەوتنی ئەنجامی پشکنین بۆ کۆڤید١٩، هێشتا دوچاری چەندین نیشانە بوونەتەوە کە بۆ ماوەی سێ مانگ بەردەوام بوون.



# بەکارهێنانی غەرغەرەی دەم ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناودەبات

بەپێی نوێترین توێژینەوەی زانکۆی پێنسلڤانیا لە ئەمریکا، بەکارهێنانی رۆژانەی غەرغەرەی دەم Mouthwash بۆ ماوەی تەنیا ٣٠ چرکە، ڤایرۆسی کۆرۆنا تا رێژەی ٩٩,٩٪ ناچالاك دەکات، یان رێگا لە گەشەکردنی ڤایرۆس لە ناو لیکدا دەگرێت، ئاماژە بەوەش کراوە کە غەرغەرەی دەم، بەتایبەتی ئەو جۆرانەی کە ئاوێتەی دژەمیکرۆب لەخۆدەگرن، رۆڵیان لە کەمکردنەوە ژمارەی ڤایرۆسەکان لە دەمدا هەیە، تەنانەت لە تووشبوواندا غەرغەرەی دەم هەنگاوێکی باشە بۆ رێگرتن لە زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ کەسانی دیکە. لە چەند سەچاوەیەکی پزیشکیی دیکەدا هاتووە کە نزیکەی هەموو جۆرەکانی غەرغەرەی دەم ئەم ئەنجامە دەپێکن، تەنانەت ئەو جۆرانەی کە بۆ پاراستنی پوك و چارەسەری نەخۆشییەکانی پوك بەکاردێن، لە ئاژانسی هەواڵیی BBC دا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو جۆرانەی غەرغەرەی دەم، کە ماددەی کلۆریدی سیتیل پیریدینیۆم Cetylpyridinium chloride بە رێژەی ٠,٠٧٪ لەخۆدەگرن، توانای لەناوبردنی تەواوی ڤایرۆسی کۆرۆنایان لەناو بۆشایی دەمدا هەیە.





# چۆن کۆڤید١٩ ددانەکان تێک دەدات؟

هەر تووشبوویەك بە شێوەیەکی جیاواز کاردانەوەی بەرانبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێت، بۆنموونە هەندێك کەس دوچاری نەمانی هەستی بۆن و چێکردن دەبن، هەندێکی دیکە دوچاری تای بەرز، یان هەناسەتەنگی، یان هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، یان تەنانەت تەنکبوونی قژ و گرفت لە پێستدا بە شێوەی پەڵەی سوور دەبنەوە. لەئێستاشدا دەرکەوتووە کە کۆڤید١٩ کاریگەری دەکاتە سەر تەندروستیی دەم و ددان، بۆنموونە گۆڕانی ڕەنگی ددانەکان بۆ خۆڵەمێشی، ناسکبوون و زوو شکانی ددانەکان، هەروەها هەستیاربوون و بێهێزبوونی پوك هاوکات لەگەڵ ئازاردا. لە چەندین لێکۆڵینەوەی رابردوودا هاتووە کە بۆشایی دەم ژینگەیەکی زۆر گونجاوە بۆ ڤایروسی کۆرۆنا، بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەکی پزیشکی، ڤایرۆسی کۆرۆنا راستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر بۆڕییەکانی خوێن و، هاتوچۆی خوێن بۆ دەم و ددان تێك دەدات، کە دەبێتە ئەگەری گرفت لە پوك و زمان لەگەڵ ئازار و کلۆربوونی ددان، یان سستبوونی ددانەکان Loose teeth کە ڕێگا بۆ کەوتنی ددان خۆش دەکات.



# مەترسیدارترین ئاڵۆزییەکانی کۆڤید١٩

یەکێك لە گەورەترین و مەترسیدارترین ئاڵۆزییەکانی کۆڤیـد١٩ کـە ژیـان دەخاتـە مەترسـییەوە، بریتییـە لـە کەمبوونـەوەی نائاسـاییی ئاسـتی ئۆکسـجین لـە لەشدا بە شێوەیەکی بێدەنگ Silent hypoxia کە هۆکارە بۆ بەرەبەرە تێکچوونی ئەندامە گرنگەکانی لـەش، مەترسـییەکە لەوەدایـە کـە زۆر کـەس لەگـەڵ ئـەوەی کـە بـە سـەختی دوچاری کۆڤیـد١٩ دەبـن و سـەرەڕای دابەزینـی ئاسـتی ئۆکسـجین لـە لەشـیاندا، هیـچ نیشـانەیەکی وەکـو گرفـت لـە هەناسـە، یـان هەناسـەتەنگی بـەدی ناکـەن، ئـەم دابەزینـەی ئاسـتی ئۆکسـجین بـە هێمنـی ئەندامـە گرنگەکانـی لـەش تێـك دەدات، کـە سـەرەتا لـە سـییەکانەوە دەسـت پـێ دەکات. سـییەکان بـەردەوام بـە ئاسـتی ٩٥-١٠٠٪ لـە خوێنـدا ئۆکسـجین بـۆ لـەش دابیـن دەکـەن، ئەگـەر ئـەم ئاسـتە بـۆ ٩٢٪ یـان کەمتـر دابەزێـت، ئـەوا پێویسـت بـە پێـدان، یـان چارەسـەر بـە ئۆکسـجین Oxygen therapy دەکات. هەوکـردن بـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـا توانـای سـییەکان بـۆ ڕێکسـختنی ئۆکسـجین و گەیاندنـی بـە خوێـن تێك دەدات، بەمـەش گەیاندنی ئۆکسـجین بـۆ ئەندامـە گرنگـەکان کـەم دەبێتـەوە، هەروەهـا مەیینـی خوێـن لـە چەنـد بەشـێکی جیاوازی سییەکاندا هاتووچـۆی خوێـن تێـك دەدات، چونکـە بـە هەوکردنی ناوپۆشی بۆرییەکانی خوێـن بە کۆڤیـد١٩ تۆپەڵـی بچووکـی خوێنـی مەییـو پەیـدا دەبـن.

لـە نوێتریـن لێکۆڵینـەوەدا هاتـووە کـە جگەرەکێشـان هانـدەرە بـۆ سـەختتربوونی نیشـانەکان لەکاتـی تووشـبوون بـە ڤایرۆسـی کۆرۆنـادا. ڕێڕەوەکانـی کۆئەندامـی هەناسـە کـە هـەوا لـە لـووت و دەمـەوە دەگەیەنـە سـییەکان، یەکـەم هێڵـی بەرگریـن بـۆ ئـەو میکرۆبانـەی کـە لـە هـەواوە دەگەنـە لـووت و دەم، جـا بەکتریـا بێـت، یـان ڤایـرۆس، هەروەهـا بەرەنـگاری گـەرد و دوکەڵـیش دەبنـەوە. بەشـی سـەرەوەی ڕێڕەوەکانـی هەناسـە یەکـەم شـوێنە کـە ڤایـرۆس پەلامـاری دەدات، ئـەم بەشـەی کۆئەندامـی هەناسـە بـە دەردراوی لینـج ڤایـرۆس و بەکتریـا و مـاددەی زیانبەخـش گەمـارۆ دەدات، چونکـە خانـەی وا لەخۆدەگرێـت، کـە نووکـی وەکـو پەنجەیـان هەیـە و دەردراوەکـە بـۆ سـەرەوە و دەرەوە پـاڵ دەنێـن. جگەرەکێشـان کاریگەریـی نەرێنـی دەکاتـە سـەر فرمانـی ڕێڕەوەکانـی کۆئەندامـی هەناسـە بـەوەی کـە توانـای بەرەنگاربوونـەوەی ڤایـرۆس و بەکتریـا کـەم دەکاتـەوە، بەمـەش ڤایـرۆس ئاسـانتر لـە ڕێڕەوکانـی هەناسـەدا جێگیردەبێـت و گەشـەدەکات، لـە لایەکـی دیکـەوە، جگەرەکێشـان بـە شـێوەیەکی دیکـەش سـستمی بەرگریـی لـەش تێـك دەدات، بـەوەی کـە چالاکیـی ئینتەرفیرۆنـەکان Interferons بلـۆك دەکات، واتـا ئـەو پرۆتینانـەی کـە نامەهەڵگـری سـستمی بەرگریـی لەشـن.

